# دیدەنی وئاكام

خاڵەبەکر
24.12.2003
bakeramin@hotmail.com

1–دیدەنی

كە هاتمەوە..

دەروون..

بوو بە كانیەكی ڕوون..،

بوو بەسەرچاوەی نمە بارانی هەوری كانون..

بوو بەسەرچۆپی كێشی خۆری دەم كەل و هێوڕبوون..!

كە جێشم هێشتی..،

بارانی شوبات..

بوو بەئافات..

گەرووی تەڕی تووڕ دایە بیابان..،

مەقسەڵەی سازان..!

گەردنی بەرزی گوڵە تووبای خۆزگەكانمی هەڵپڕوكان..!

بۆنی بەسوێمی نویێ تر كردەوە..،

چپەی شپرزەی ئاهەكانیشی لیێ هاندامەوە..!

یەخەم پیێ بگریێ و لە سەرەتاوە دەس پیێ كەمەوە..،

زامی گەردن و یادگاری و خۆزگەم سارێژكەمەوە..

ماڵ ئاواییشم لەكارێوەتا..!

هەرەسی هانی بەقەڵای مروەت..،

هەرەسی هانی بە كانی سۆزو سەرنگووم بوونی تروسكەو دەرفەت..!

ئێستاش ڕۆحی باڵ گرتووی شپرزەم ..

میوانی ئاسمانێكی فەرامۆش دادە..!

تاڤگەی ئەسرینە شیعری هەوریێ نەبیێ..!

هیچ ئاسمانیێ توانای نیە لە لانكەكەیا ڕامژەنیێ..،

2–ئاكام

ئەمڕۆم لە تامی ماچەكانی تۆ ئەچیێ..

لە خەندەی مرۆیەكی قەدەر جیێ هێشتوو ئەچیێ..!

لە تەوقەو دەست لە ملان و تەماسی لێوەكانی من و هاوڕێكانم ئەچیێ..،

له تریقەو گەشکەو سەمای پەپوولەکانی بەیانیانی باخی گشتی ئەچێ..*

لەگڕوگاڵ و تریقەی چاوی ساوایەکی پاش تێر بوونی شیر ئەچێ..

له گفتوگۆی چاوە شەرمنەکانی دوو دڵداری تازه ئەچێ..!

له هێلانەیەکی پڕ پووش و بێچووی دوور له مەترسی ئەچێ..!

له بۆن و بەرامەی ...،

چڵه ڕیحانه غەمگینەکای،

لا ئەگریجەو ژێر چەنەی جارانی دایکم ئەچێ..!

*

*حەدیقەی شەعب لەشاری سلێمانی.